له سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەسپێکمان سەربڕی وخواردمان

له ئەسمائی کچی ئەبوبەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «له سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەسپێکمان سەربڕی وخواردمان»، وله گێڕانەوەیەکدا: «له کاتێکدا له مەدینە بووین».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەسمائی کچی ئەبوبەکری سدیق -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە له سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەسپێکیان سەربڕی ولە گۆشتەکەیان خوارد، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر دروستی خواردنی گۆشتی ئەسپ، ونابێت کەسێک بیری بۆ لای ئەوەی بچێت کە خواردنی گۆشتی ئەسپ حەرامە چونکە ناوی لەگەڵ ناوی گوێدرێژ وهێستر باسکراوە لەم ئایەتەدا، کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لا تَعْلَمُونَ﴾ [النحل: 8], واتە: ﴿وئەسپ وهێستر وگوێدرێژی (بۆ دروستکردوون) لەبەر ئەوەی سواریان بن وهۆی ڕازاندنەوەش بن بۆ ئێوە، وخودا شتی وا دروست دەکات کە هەرێیان ئێوە نایزانن (زانستتان سەبارەتیان نییە)﴾

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3000